# هۆزان محمود لەهەفتەیەكی هاوپشتی لەگەل ژنان وكرێكارانی عیراق



رۆژی 7 -3 لەزانكۆی كامپ بریج سیمینارێك بۆ( هۆزان محمود) نۆینەری رێكخراوی ئازادی ژن و تۆری نۆینەرایەتی فدراسیۆنی شورا یەكیتی كرێكاریەكانی عیراق له بەریتانیا دانرا ،لەم سیمینارەدا هۆزان محمود بەدریژی لەسەر وەزعیتی ژنان لەعیراق له ژیر سایەی جەنگ وهێرشی ئەمریكاو داگیری كاری و كیشەمەكیشی هەردوو بەرەی تیرۆریستی ئەمریكاو ئیسلامی سیاسی وبارودوخێكی غەیره انسانی كه بۆ ژنان لەعیراقدا داسەپێنیراوه لەحیجابی ئیجباری و نائەمنی و رفاندنو كوشتن وەهاوكات لەسەر حكومەتێكی ئیسلامی كەبەپشتیوانی ئەمریكا بریاره لەعیراقدا دابمەزرێ قسەو باسی كرد ،هەروەها ئاماژەی دا به خەباتی ژنان لەپێناو ئازادی و یەكسانی ودەوری رێكخراوی ئازادی ژن و حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراق بۆ داكۆكی لەماف و ئازادی ویەكسانی بۆ ژنان ، لەسەر بەرگوزاری 8 مارسی ئەمسال لەبەغدا لەپێناو قانوون دەستورێكی عەلمانی لەعیراقدا وه بۆ داواكاری ( جیای دین لەدەولەت و یەكسانی ژن وپیاو ) وەك ئەلگۆی یاسایەكی مودیرن بۆ دەولەتی ئاینده بۆ ئامادەبوان خسته روو ،لەبەشێكی تری قسەو باسەكاندا لەسەر بزووتنەوەی كرێكاری لەعیراق و نارەزایەتی وخۆپشاندانەكانی یەكیتی كرێكاریەكان و نەخشیان له ئایندەی عیراق باس كرد وه لەكۆتایدا باسی پێویستی هاوپشتی سیاسی و عەمەلی له خەباتی ژنان و كرێكاران لەعیراقدا كرد ، كه لەلایەن ئامادەبوانەوه ئەم باسانه بەگەرمی پێشوازی لێ كرا .



رۆژی 8-3 رۆژی جیهانی ژنان سیمینارێكی میزگردی بۆ (هۆزان محمود)وە(ریبیكا زونیگا) له تۆری نۆینەرایەتی ژنانی ئەمریكای لاتین دانرا ، كه دەعوەت كرابوون بۆ ئەوەی لەسەر خەبات و نەخشی ژنان له هەردوو وولاتی عیراق و ئەمریكای لاتین قسەو باس پێش كەش بكەن .

لەم سیمینارەدا هۆزان محمود هەواڵی بەرێکردنی 8مارسی لە بەغدا و شارەکانی تری عیراق بۆ ئامادەبوان گیرایەوە ،پاشان لەسەر کارنامەی ئەو حکومەتەی کە بریارە دوای هەڵبژاردن بیتە سەرکار بەرامبەر بەژنان لەبێ حقوقی و کوشتن ورفاندن ودەست دریژی کردنە سەر مافەکانی ژنان ئاماژە پێدا ، و باسی لە کارو هەڵسورانەکانی رێکخراوی ئازادی ژن و ئامانج و بەرنامەکانی بۆ بەشدار بووان روون کردوە ،هەروەها لە سەر پێویستی جیای دین لەدەولەت لە قانوون و دەستوری وولات تاکید کرد ، هەر لەبەشێکی تر قسەو باسەکاندا ، وەزعیتی ژنان لەژیر سایەی داگیرکاری و ئیسلامی سیاسی لەعیراقدا باس کرد کە ژنان رووبەرووی چ مەئاساتێکدەبنەوە، وە دەوری بەرچاوی رێکخراوی ئازادی ژن و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق لەرێگاو بەدیلی انسانی بۆ گیرانەوەی مەدەنیت بۆ کۆمەڵگای عیراق وکۆتای هینان بەداگیر کاری وهیناسەر کاری دەولەتێکی غەیرەقەومی غەیرە دینی وگیرانەوەی ئەمنیت بۆ ئایندەیەکی باشتر بۆ خەڵکی عیراق باس کرد ،وە لەکۆتایدا بە پرسیارو وەلام ئامادەبوان بەشداریان کرد و لەقسەو باسەکانی هۆزان محمود پشتیوانیان کرد.




رۆژی 3-10 لەشاری ئۆکسفۆرد شەوێکی هاوپشتی لەلایەن رێکخراوی نۆ سۆیت و یەکیتی قوتابیانەوە دانرا ، بۆ هاوپشتی لەگەل کرێکاران و ژنان لەعیراقدا ،لەم شەوەدا هۆزان محمود ووتارێکی پێش کەش کرد، لەسەر بزووتنەوەی ژنانی رادیکال و کارو هەڵسورانەکانی رێکخراوی ئازادی ژن لەعیراقدا ، هەروەها لەسەر نارەزایەتی یەکانی ئەم دواییانەی کرێکارانی کوت و ناسریە و دەوری فدراسۆنی شوراو یەکیتی کرێکاریەکانی عیراق و کۆنگرەی بەسرە و دەوری کرێکاران لەئایندەی عیراقێکی گەش و انسانی قسەو باسی پێش کەش کرد ،وە لەم کۆبوونەوەیەدا لەنیو دەربرینی هەڵویستی هاوکاری و پشتیوانی بە ژنان و کرێکاران لەعیراقدا ،زیاتر لە250 پاوەند کۆمەك بە هەڵسورانەکانی رێکخراوی ئازادی ژن و فدراسیۆنی شوراو یەکیتی کرێکاریەکان کۆکرایەوە.

رۆژی 3-11 لەزانکۆی دۆرهام لە شمالی بەریتانیا سیمینارێك بۆ هۆزان محمود دانرا ، کە لەسەر وەزعی سیاسی عیراق ودەورو نەخشی رێکخراوی ئازادی ژن و رێکخراوە کرێکاریکان و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق قسەو باسی کرد ،کە چەندین قوتابی و مامۆستای زانکۆی ئەو شارە بەشداریان کرد لەم کۆبوونەوەیەو و پێشوازیان لەباسەکانی هۆزان محمود کرد و بریاریاندا ،تۆرێکی زانیاری دروست بکەن بۆ بلاوکردنەوەی کارو فعالیەتەکانی رێکخراوە رادیکالەکانی عیراق لەوانە کارو چالاکی یەکانی (رێکخراوی ئازادی ژن و فدرسیۆنی شوراو یەکیتی کرێکاریەکان )بەناو رێکخراوەکان و خەڵکی ئەو شارەدا



رۆژی شەمە 3-12 ڕێکخراوی عفوی دوەلی(امنستی ئەنتەرناشنال) بەشی خواروی بەریتانیا لەکۆنفرانسی سالانەی خۆیدا ،(هۆزان محمود) ی بانگیشت کرد بۆ قسەو باس لەسەر بارودۆخی ئیستای ژنان لەعیراقدا ،لەم کۆنفرانسەدا هۆزان محمود لەسەر دەوری ڕێکخراوی ئازادی ژن لەرێکخستنی ژنان و بەدیلی دارشتنەوەی  قانوون و دەستورێکی علمانی کە مافی یەکسانی ژنان و پیاوان وەهەروەها جیای  دین لەدەولەت مسۆگەر دەکات لەعیراقدا و  ڕێگاکانی پشتییوانی لەخەباتی ژنان لەو پێناوەدا  خستە روو ، لەگەل پێشوازی بەرینی بەشداربواندا روو بەروو بوو.